# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٤٢)ساڵی نۆزدەم ٣١/تشرینی یەکەم/٢٠١٩/زایینی ٩/گەڵارێزان/٢٧١٩/کوردی ٣/ربیعی یەکەم/١٤٤١کۆچی

242


## لەم ژمارەیەدا :


**بڕیاری ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی کوردستان** ل١

پەسەندکردنی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

**پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان** ل٢

هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

**فەرمانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی کوردستان** ل٦

هەڵبژاردنی سەرۆکی لیژنەی (دارایی و کاروباری ئابووری)

**بڕیاری ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠١٩ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل٧

پێکهێنانی (لیژنەی کاروباری یاسایی) لە ئەنجومەنی وەزیران

**پەیڕەوی ناوخۆی / دەستەی دەسپاکی** ص ٢١

پەیڕەوی ناوخۆی (ئەکادیمیایی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان – عێراق)

**بڕیاری ساڵی ٢٠١٩ ئەنجومەنی دادوەری** ل٩

تایبەت بەپەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارتی داد** ل١٠

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی پەروەردە** ل١٠

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی ناوخۆ** ل١١

مەرجەکانی هاوردەکردنی ئوتۆمبێلی بەکار هاتوو

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی ناوخۆ** ل١٤

فراوان کردنی حەرەمی گوندی(بەردەگۆز) لە سنووری پارێزگای سلێمانی



http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎: (٢٢٤٥٥٠٨-٢٢٤٥٥٩٨٩-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٤٢) السنة التاسع عشر ٣١/تشرين الأول/ ٢٠١٩ ميلادي ٩/گەلاریزان/ ٢٧١٩/كوردي ٣/ ربيع الاول/١٤٤١ هجري

242

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice


## في هذا العدد:


**قرار رقم (١٢) لسنة ٢٠١٩ برلمان كوردستان** ص ١٥

تصديق التعديل الأول للنظام الداخلي لبرلمان كوردستان

**النظام الداخلي لبرلمان كوردستان** ص ١٦

التعديل الأول للنظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق

**أمـر رقم (٨) لسنة ٢٠١٩ برلمان كوردستان** ص ٢٠

انتخاب رئيس لجنة (المالية والشؤون الاقتصادية )

**النظام الداخلي / هيئة النزاهة** ص ٢١

النظام الداخلي لــ(أكاديمية دەسپاکی في إقليم كوردستان – العراق)

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**قرار رقم (٢٥) لسنة ٢٠١٩ رئاسة مجلس الوزراء** ص ٧

**قرار لسنة ٢٠١٩ رئاسة مجلس القضاء** ص ٩

**بيان رقم (٤) لسنة ٢٠١٩ وزارة العدل** ص ١٠

**بيان رقم (٧) لسنة ٢٠١٩ وزارة التربية** ص ١٠

**بيان رقم (٨) لسنة ٢٠١٩ وزارة الداخلية** ص ١١

**بيان رقم (٩) لسنة ٢٠١٩ وزارة الداخلية** ص ١٤



No. 242 Date : October , 31 , 2019 Vol.: 19

چاپخانەی شەهاب هەولێر



العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٢**
**مێژووی بڕیار: ٢٠١٩/١٠/١٣**

**بـڕیـار**
**ژمـارە (١٢)ی سـاڵی ٢٠١٩**

پشت بە حوکمەکانی بڕگەی (٨)ی ماددەی (٥٦) لەیاسـای هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی کوردسـتان ـ عێـراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و بەپێی ئەو ڕێکارە یاساییانەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی داوە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٩ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

**یەکەم:** هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ کە هاوپێچی ئەم بڕیارەیە دەرچوێندرا .

**دووەم:** ئەم هەمـــوارە لەڕۆژی پەســـەندکردنی بەرکـــار دەبێـــت و، لە ڕۆژنـــامەی فەرمـــی ( وەقایعی کوردستان )دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ڕێـواز فـایـق حسێن**
**سـەرۆکی پەرلەمانی کوردستـان ـ عیراق**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی هەمواری پەیڕەو: ١**
**مێژووی هەمواری پەیڕەو: ٢٠١٩/٩/٢٩**

پشت بە حوکمەکانی بڕگەی (٨)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، ماددەی (١٢٥) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠١٩/٩/٢٩ هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق پەسەند کرد:-

**هەمواری یەکەمی**

**پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):-**

**یەکەم:** پێناسەی **(پڕۆژە یاسا و بڕیار)** لە ماددەی (١) هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
پڕۆژە یاسا و بڕیار: ئەو پڕۆژە یاسا و بڕیارانەیە کەلەلایەن سەرۆکی هەرێم، یان ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی دادوەری لە بواری تایبەتمەندی خۆیان، دەستە سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەك کە دەسەڵاتی ئاڕاستە کردنی پڕۆژەی هەیە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان، ئاڕاستەی پەرلەمان دەکرێن.

**دووەم:** پێناسانەی ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ ماددەی (١)ی پەیڕەوی ناوخۆی زیاد دەکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:

**پێشنیازی یاسا و بڕیار:** ئەو پێشنیازی یاسا و بڕیارانەن کە لانیکەم لەلایەن (١٠) دە ئەندامی پەرلەمان، پێشکەش دەکرێن.

**زۆرینەی ڕەها:** نیوە کۆ یەکی(٥٠ ٪ + ١ )ی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان.

**زۆرینەی سادە:** نیوە کۆ یەکی(٥٠ ٪ +١ )ی ژمارەی ئەندامانی ئامادەبوو.

**زۆرینەی تایبەت:** هەموو ئەو زۆرینانە دەگرێتەوە کە ڕێژەی تایبەتیان بۆ دیاری کراوە.

**ماددەی (٢):-** ماددەی (١٠)ی پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

**یەکەم:** دەستەی سەرۆکایەتی پێکدێت لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان، لانیکەم یەکێك لە سێ ئەندامی دەستە ی سەرۆکایەتی ئافرەت دەبێت.

**دووەم:** لە هەر ماددە و بڕگەیەکی ئەم پەیڕەوە دەستەواژەی (جێگری دووەم) هاتبێت دەگۆڕدرێت بۆ (سکرتێری پەرلەمان).

**ماددەی (٣):-** وشەی (سەرۆکایەتی)، بۆ وشەی (دەستە)، لە هەر ماددە و بڕگەیەکی ئەم پەیڕەوە دا هاتبێت زیاد دەکرێت.

**ماددەی (٤):-** بڕگەی (حەوتەم) لە ماددەی (٢٤)ی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێتە بڕگەی (یەکەم) ی ماددەکە و ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەك خۆی بەدوایدا دێن.

**ماددەی (٥):-**

**یەکەم:** خاڵی (٢) لەبرگەی (دووەم)ی ماددەی (٢٥)ی پەیڕەوی ناوخۆ هەمواردەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

٢- دەبێت سەرۆك لە نزیکترین دانیشتنی پەرلەماندا، داواکارییەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە، بۆ ئەوەی لە هەموو بارێکدا لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەش کردنی، دەست لەکارکێشانەوەکە بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووان یەکلابکرێتەوە.

**دووەم:** لە هەر ماددە و بڕگەیەکی ئەم پەیڕەوە، وشەی (بەروار) هاتبێت دەگۆردرێت بۆ (ڕێکەوت) .

**ماددەی (٦):-** ماددەی (٢٩)ی پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێت و لیژنە هەمیشەییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدەهێنرێت:

**ماددەی (٢٩):-**

**یەکەم:** لیژنەی کاروباری یاسایی.

**دووەم:** لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری.

**سێیەم:** لیژنەی کاروباری پێشمەرگە

**چوارەم:** لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان .

**پێنجەم:** لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری .

**شەشەم:** لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

**حەوتەم:** لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر.

**هەشتەم:** لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی.

**نۆیەم:** لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی .

**دەیەم:** لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

**یازدەم:** لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی.

**دوازدەم:** لیژنەی شارەوانی گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار

**سێزدەم:** لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان.

**چواردەم:** لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان.

**پازدەم:** لیژنەی دەسپاکی.

**شازدەم:** لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا.

**حەڤدەم:** لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

**هەژدەم:** لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ.

**نۆزدەم:** لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت

**ماددەی(٧):-** برگەی (دووەم)ی ماددەی (٤٢) هەموار دەکرێت و ڕێزبەندی بڕگەکانیشی بەم شێوەیە دەبێت:

**ماددەی (٤٢):-**

**یەکەم:**لیژنەکان دەتوانن داوا لە سەرۆك بکەن، بۆ بەشداری کردنی وەزیری پەیوەندیدار بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی لیژنە و پێشکەشکردنی ڕونکردنەوەی پێویست، لەسەر ئەو بابەتەی دەخرێتەڕوو، بەشێویەك ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لەڕێکەوتی ئاراستەکردنی بانگهێشتنامەکە، تێپەرنەکات.

**دووەم:** لیژنەکان دەتوانن، بۆ بەشداریی ئەوانەی کە پلەیان، لەخوار وەزیرەوەیە لە کۆبوونەوەی لیژنەدا، داوا ئاراستەی سکرتێری پەرلەمان بکەن.

**سێیەم:** لیژنەکان دەتوانن لەڕێی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە، داوا لە فەرمانگە فەرمی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن، کە زانیاریی پێویستیان پێشکەش بکات، یان لە کۆبوونەوەی لیژنەدا ئامادەببن.

**چوارەم:** ئەگەر ئەو لایەنانەی لە بڕگەکانی سەرەوەدا باسکراون، خۆیانگرت لە پێدانی زانیاری یان ئامادەنەبوون لە کۆبوونەوە، ئەوا ئەو کاتە لە ڕێی سەرۆکەوە، سەرۆك وەزیرانی لێ ئاگاداردەکرێتەوە و لەحاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواکاریەکەی لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا، بابەتەکە دەخرێتە بەردەمی پەرلەمان، بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بکات.

**پێنجەم:** وەزیری پەیوەندیدار، لەکاتێکدا کە بۆی دیاری دەکرێت، لەسەر داوای خۆی و بە ڕەزامەندی سەرۆك یان لەسەر داوای لیژنە لە کۆبوونەوەی لیژنەکان ئامادە دەبێت، کاتێك گفتوگۆی بابەتێك دەکرێت کە پەیوەندیدارە بە وەزارەتەکەی، و دەتوانێت ستافی وەزارەتەکەی لەگەڵ خۆی بهێنێت بۆ کۆبوونەوە، هەروەها تێڕوانینەکانیشیان لەسەر بڕیاری لیژنە لە ڕاپۆرت جێگیر دەکرێن بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت .

**ماددەی (٨):-** خاڵی (٢) لە بڕگەی (سێیەمی) ماددەی (٤٤) لە پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە :

٢- ئەگەر کەس و لایەنی بانگکراو بێ پاساو لەکاتی دیاریکراودا ئامادەنەبوو، ئەوا لیژنە دەتوانێت لە ڕێی دەستەی سەرۆکایەتیەوە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئاگاداربکاتەوە، بە مەبەستی ئامادەکردنی داوالێکراو بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان.

**ماددەی (٩):-** ماددەی (٧٨)ی پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی (٧٨): پرۆسەی یاسا دانان، بریتیە لە گفتوگۆ و پەسەندکردنی:

**یەکەم:** ئەو پڕۆژە یاسا و بڕیارانەی تایبەتن بە سەرۆکایەتی هەرێم،و لە بواری تایبەتمەندی خۆیان، پێشکەش دەکرێن.

**دووەم:** ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، پێشکەش دەکرێن.

**سێیەم:** ئەو پـڕۆژە یاسـایانەی کە لەلایەن دەسـەڵاتی دادوەریـیەوە، لەو بابەتـانەی پەیوەندیـدارن بەخۆیان ، پێشکەش دەکرێن.

**چوارەم:** ئەو پڕۆژە یاسا و بڕیارانەی لەلایەن دەستە سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەك کە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان مافی هەیە، پێشکەش دەکرێن.

**پێنجەم:** ئەو پێشنیازی یاسا، یان بڕیارانەی، کە لانیکەم لەلایەن (١٠) دە ئەندامەوە پێشکەش دەکرێن.

**ماددەی (١٠):-**

ماددەی (٧٩) پەیڕەوی ناوخۆ هەمواردەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** پێشنیازی یاسا و بڕیار، پێویستە مەرجە ڕەواڵەتی و بابەتییەکانی پێشنیازە یاسا و بڕیار لەخۆ بگرێت .

**دووەم:** لە مـاوەی (١٤) ڕۆژ لە بەرواری پێشـکەش کـردنیەوە، لەلایەن لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی، بڕیـار دەدرێـت خوێنـدنەوەی یەکەمـی بـۆ بکرێـت، لەسەر بنەمای گونجاندنی لەگەڵ ئەم پێوەرانەی خوارەوە -:

١- هەبوونی بـابەتێکی گشـتی ، یـان بۆشـایی یەکـی یاسـایی، یـان بـوونی کەموکـوڕی لە دەقەکـانی یاسایەك یان بڕیارێك ، کە پێویست بێت یاسایەك یان بڕیارێکی بۆ دەربچێت.

٢- ئەگەر بووە مایەی لێکەوتەی دارایی لەسەر حکوومەت، پێش خوێندنەوەی یەکەم، ئاراستەیان دەکرێت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی سەبارەت بەو لێکەوتە داراییەی کە لە ئەنجامی دەرچوواندنی یاساکە دەکەوێتە ئەستۆیان .

**ماددەی (١١):-**

بڕگەیەك بە ڕیزبەندی (چوارەم) بۆ ماددەی (٩١)ی پەیڕەوی ناوخۆ زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**چـوارەم:** جـگە لەو پێشـنیازانەی کە بە گـوێرەی بـڕگەی (دووەم)ی ئەم مـاددەیە بـۆ دەنگـدان ئامـادە دەکـرێن، لیـژنەی یاسـایی بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لیـژنەی تایبەتمەنـد دەتـوانن لە کۆبەنـدی ئەو بژاردانەی کەلەلایەن پەرلەمانتارانەوە دەخرێنەڕوو، بژاردەی تر بۆ خستنە دەنگدان ئامادە بکەن

**ماددەی (١٢):-**

بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (١١٠)ی پەیڕەوی ناوخۆ هەڵدەوەشێتەوە .

**د.ڕێـواز فـایـق حسێن**
**سـەرۆکی پـەرلـەمانی کوردستان ـ عیراق**

**هۆکارە پێویستەکان**

لە پێنـاو باشـتر بەڕێوەچـوونی کـاری پەرلەمـانی و فەراهەمکردنـی هـاوڕێکی پەیـڕەو لەگەڵ یاسـا کارپێکراوەکان، ئەم هەموارە پەسەندکرا.

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی فەرمان: ٨**
**مێژووی فەرمان: ٢٠١٩/١٠/٨**

**فەرمان**
**ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٩**

پشت بە بڕیاری ژمارە (٤)ی دەرچووی ڕۆژی ٢٠١٩/٣/١٢ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق و حوکمی بڕگە ( سێیەم ، چوارەم ) لە ماددەی (٢٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان،
- بەڕێز ( زیاد جبار محمد ) هەڵبژێردرا بە سەرۆکی لیژنەی (دارایی و کاروباری ئابووری).

**د.ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٨٥٤٦ لە ٢٠١٩/١٠/٢٤**

**بڕیاری**
**ژمارە(٢٥) لە ٢٠١٩/٩/١٨**

پشت بەست بەئەحکامی ماددەی(هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٧) لە ٢٠١٩/٩/١٨ ، بڕیاردرا بە :-

١- پێکهێنانی (لیژنەی کاروباری یاسایی) لە ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی بەڕێز فەرسەت ئەحمەدعەبدوڵلا (وەزیری داد) و ئەندامێتی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژی دەستووریی ویاسایی پێویست بە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو بابەتانەی لەچوارچێوەی کارنامەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەخرێنەڕوو ، و پێداچوونەوەی کۆتایی ئەو ڕەشنووسی یاسا و پەیڕەوانەی لەلایەن وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لە چوارچێوەی پلانی تەشریعیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکرێن یان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێن پێش گفتوگۆ و بڕیاردانی کۆتایی لە ئەنجومەنی وەزیران:

| | | |
|---|---|---|
| أ | د.ڤاڵا فەرید ئیبراهیم | وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان |
| ب | خالد سەلام شوانی | وەزیری هەرێم بۆ بەڕێوەبەرایەتی دۆسێی دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی |
| ج | د. ئامانج ڕەحیم ئەحمەد | سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران |
| د | د.ئومێد سەباح عوسمان | سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران |

٢- بۆ ئەو ڕەشنووسی یاسا و پەیڕەوانەی کە پابەندی داراییان هەیە، پێویستە (لیژنەی کاروباری یاسایی) ڕای وەزارەتی دارایی وئابووری وەربگرێت و هەماهەنگی تەواو بکات لەگەڵ ئەو وەزارەتە ولە پێش بڕیاردانی کۆتایی ئامادەکاریی لایەنی پابەندیی دارایی ڕەشنووسەکە یەکلایی بکرێتەوە بە ڕەچاوکردنی بودجە و داهاتی هەرێمی کوردستان.

٣-ئەو بەڕێزانەی ناویان لە برگەی(١)ی سەرەوەدا هاتووە ئەندامی هەمیشەیی لیژنەکەن ، و بەپێی تایبەتمەندیی پڕۆژە یاسا و پەیڕەوەکان، وەزیر یان سەرۆکی دەستە و لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت یان نوێنەرەکانیان پەیوەندیدار بە ڕەشنووسەکان دەتوانن ئامادەی کۆبوونەوەکان بن لەسەر بانگهێشتی لیژنەکە.

٤- (لیــژنەی کاروبــاری یاســایی) هەمــاهەنگی لەگەڵ (ئەنجــومەنی شــوورای هەرێــم) دەکــات لەبەر ڕۆشنایی یاسای ئەنجومەنەکە ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨.

٥- (لیــژنەی کاروبــاری یاســایی) مــافی بانگهێشــتکردنی هەر کەس و لایەنێکــی دیــکەی هەیە بــۆ کۆبوونەوەکانی بەپێی پێویستی بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی.

٦- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیــــــدارەکان ئەم بڕیــــــارە جێبەجــــــێ دەکەن و لە ڕۆژنــــــامەی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٢٣٠٨ لە ٢٠١٩/١٠/٢٠**

**بــڕیــاڕ**

دوا بە دوای بڕیارمان ژمارە (٧٦لە ٢٠١١/٩/١٣).

پشت بەحوکمەکانی بڕگە شەشەم لە مادده (٣٤) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە(٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە کۆی دەنگ:-

١- بەلابردنی ووشەی ( دادوەرێك) لە ناوەرۆکی مادده(٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨ کە هەموارکراوەتەوە بە پێی پەیڕەوی ژمارە (١)ی بۆ ساڵی ٢٠١١.

٢- ئەم بڕیــــارە جێبەجـــێ دەکرێـــت لە ڕۆژی دەرچـــوونیەوە و بڵاودەکـــرێتەوە لە ڕۆژنـــامەی (وەقایعی کوردستان) .

**بەنگین قاسم محمد**

**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی نۆیەم برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، وە ئامـاژە بەنوسـراوی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی فەرمانگەکـانی داد ژمـارە (١٨٦٩/٢ لە ٢٠١٩/٩/٢٤) بڕیارماندا بە :-

- گۆڕینی ناوی تێبینەرایەتی چاودێری ناکامەکانی ڕانیە بۆ تێبینەرایەتی چاودێری ناکامەکانی ڕاپەرین.

**فەرسەت أحمد عبدالله**

**وەزیـری داد**

---

**وەزارتی پەروەردە**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ماددەی (٢٢)ی یاسای هەموارکراوی وەزارەت ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ لەبەر بەرژەوەندی ئیش و کار بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەک لە دیوانی وەزارەت لە ژێرناوی ( بەڕێوەبەرایەتی بە دواداچوون ) ڕاستەوخۆ سەر بە وەزیری پەروەردە دەبێت لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە.

**ئالان حمە سعید صالح**

**وەزیری پەروەردە**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : (١٧٣٣٤) لە ٢٠١٩/١٠/١٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەکۆنووسی هاوبەشی نێوان وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی و ئابووری لە رۆژی ٢٠١٩/١٠/٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٩**

**مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی بەکار هاتوو**

**ماددەی یەکەم:**

**١-** وەرگرتنی بەڵێنامە لە کۆمپانیاکانی هێنانی ئۆتۆمبێل بۆ ئەو کەسانەی کە مۆڵەتی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلیان هەیە وسزادانیان بەبڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك کە هاوردەبکرێت ، بە پێچەوانەی مەرجەکانی بڕگەی (٧)ی خوارەوە.

٢- بەستنەوەی سەرجەم کۆمپانیاکانی کوالتی کۆنترۆڵی دەروازە سنورییەکان بەیەکەوە بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ ئاڵوگۆرکردنی داتاکان بۆ هەموو کەرستەکان تا بەرواری ٢٠١٩/١٢/٣١.

٣- نرخی پشکنین وەك ئەو نرخانە دەبێت کە پێشتر وەزارەتی دارایی دەستنیشانی کردووە.

٤- پێویستە هەر ئۆتۆمبێلێك هاوردەکراو بێت بڕوانامەی (COC) لەگەڵ بێت و مۆڵەت دەدرێت بە کۆمپانیاکانی پشکنینی ئۆتۆمبێل کە لە دەروازەی سنوورییەکان کار دەکەن تا ٢٠١٩/١١/١، ئەم بڕگەیە جێبەجێ دەکرێت لەو سنوورانەی کە تا ئێستا کاری پێ ناکرێت.

٥- لە کاتی بوونی جیاوازی لە نێوان پشکنینی ئۆتۆمبێل لە لایەن کۆمپانیاکانی پشکنینی کواڵیتی لە سنوورەکان و پشکنینی کۆتایی کە لەلایەن لیژنەکانی هاتووچۆوە دەکرێت بە بڕی ( ٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر حالەتێك کومپانیای پشکنەر سزا دەدرێت لەگەڵ گەڕانەوەی ئۆتۆمبێلە کە لەو دەروازەی کە لێی هاتووە.

٦- ئۆتۆمبێلی شاسی بڕاوە و لحیم کراو داخل ناکرێت.

٧- زاراوەی لێدراو چاکراوە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

**أ**. لێدان لە پێشەوە بە گشتی وەك بۆنیت و چەمەلغی پێشەوە بە شێوەیەك کە کارتێکردنی کردبێت لەسەر کومەڵەی ستێرن، ئێرباگ و خوارکردنی شاصی و بەدەن، بەڵام ئەگەر کومەڵەی ستێرن، ئێرباگ چاك کرابێت پێش داخل بوونی گەرێندرابێتەوە بۆ باری ڕەسەنی کۆمپانیای دروستکەر (وضع الشركة الاصلی) بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی ئێستا لەسەر سنوور راگیراون یان لە ئایندە هاوردە دەکرێن ئەوا کێشەی نابێت لە داخل کردنیان یان تۆمارکردنیان.

ب. لێدانی ئۆتۆمبێل لە پشتەوە بە شێوەیەکی گشتی وەك سندوقی ئۆتۆمبێل و چەمەلغ و بەدەنی پشتەوە بە شێوەیەك کارتێکردنی کردبێت لە تەقینی ئێرباگ و خوارکردنی شاصی یان بەدەن، بەڵام ئەگەر پێش هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل ئەو کێشانەی ئۆتۆمبێل چاك کرابێت لەسەر شێوازی کۆمپانیای دروستکەر واتە گەرابێتەوە بۆ سەر بارۆدوخی کومپانیای دروستکەر (وضع الشرکة الاصلی) ئەوا داخل دەکرێن بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی ئێستا لەسەر سنوور راگیراون یان لە ئاینده هاورده دەکرێن و تۆمار دەکرێن.

ج. لێدانی هەردوو تەنیشتی ئۆتۆمبێل کە کاری لەسەر توکمەکانی ئۆتۆمبێل بوو‌بێت (توکمەی پێشەوە و ناوەراست و دواوە) بەڵام ئەگەر تەنها دەرگا بێت بەهۆی لێدانیکی سووکەوە بێ ئەوەی کاری تێکردبێت لەسەر تەقینی ئێرباگ وخواربوونی توکمەکان ئەوە کێشەی نابێت وداخل دەکرێت

د. بۆیاخ کردنی ئۆتۆمبێلەلەسەر ساغی بەبێ لێدراوی بۆ جوانکردنی ئۆتۆمبێل بە لێدراو ئەژمار ناکرێت و داخل دەکرێت.

هـ. گـۆڕینی عەتەل و تەڵیشـە و بەگ لایـت و سـکن لایـت و حسـاس و ئەو بـابەتە جوانکاریـانە (کمالیات) بە لێدراو ئەژمار ناکرێت.

و. لێدراوی بانی ئۆتۆمبێل (سقف) بە لێدراو ئەژمار دەکرێت.

ز. ئۆتۆمبێل ئەگەر پارچەکانی لێکرابۆوە وەك دەرگا یان تەڵیشە یان لایت و بەگ لایت پێویستە چاکبکرێت ئەو کاتە داخڵ بکرێت.

ح. مەرجی داخل کردن و تومارکردنی ئۆتۆمبێل دەبێت ئێرباکی شوفێر و تەنیشت شوفێر کار بکات.

٨- ئۆتۆمبێلی ژێرئاوکەوتوو بە هیچ شێوەیەك داخل ناکرێت.

٩- ئەگەر ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو لە پشکنینی کوالیتی کۆنترۆڵ دەرنەچوو خاوەنی ئۆتۆمبێل دەتوانێت لەماوەی (٧٢) کاتژمێردا نارەزایی بوون پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی گومرگی دەروازە سنوریەکە بکات.

١٠- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لەدەروازەکانی عێراق داخڵ کراون هەمان بڕیاری لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

١١-لیژنە هونەرییەکان کە بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (١٣٥٩٥) لە ٢٠١٩/٨/٨ پێك هێنراون گشت پشکنین بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانە دەکەن کە هاوردە دەکرێن بۆ دڵنیابوونی لە هەبوونی مەرجەکانی بڕگەی (٧)ی سەرەوە.

١٢-گشـت ئەو ئۆتـۆمبێلانەی کە لەدوای ٢٠١٩/٧/١ داخـل بـوون و گومرگیـان داوە رەوانەیـی بەرێوەبەرایەتیەکـانی هـاتووچۆ دەکـرێن بە مەبەسـتی دووبـارە پشـکنینیان لە لایەن لیـژنە هونەرییەکان کە لە بڕگەی (١١)ی سەرەوە ئاماژەمان پێدراوە بە مەبەستی دەست نیشان کردنی کەم و کورییەکان و دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی بڕگەی (٧)ی سەرەوە.

١٣- فورمێکی تایبەت دروست دەکرێت لە وەزارەتی ناوخۆ بۆ پشکنینی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە دوای ٢٠١٩/٧/١ داخل کراون بە مەبەستی دەست نیشان کردنی کەم و کورییەکان و ئۆتۆمبێل رەوانەیی کومپانیاکانی پشکنینی مەرجەکانی تۆندوتوڵی دەکرێن بە مەبەستی پەسەندکردن و پێدانی بۆچوونی هونەری کە (ئایا ئەم ئۆتۆمبێلە مەترسی نیە بۆ بەکارهێنانی لەسەر شەقام) ودوای دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجی تۆندوتوڵی و نەبوونی مەترسی لە بەکارهێنانی بەپێی رێنماییەکان تۆمار دەکرێن.

١٤- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە پێش هاوردەکردنی کاری تەکسیان کردووە داخل ناکرێن.

١٥- گشت ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ئێستا لەسەر سنوورن و راگیراون و ئەوانەی داخل کراون دەبەخشرێن لەهەر سزایەکی دواکەوتن کە لە گومرگ لەسەری تۆمارکراوە یان بەهۆی تۆمارنەکردنی کەوتۆتە سەر ئۆتۆمبێل تا ئەو رۆژەی بریاری کۆتایی دەردەچێت بە تۆمارکردنی یان رەت کردنەوەی تۆمارکردن بەمەرجێك پشكنین لە ماوەی (٦٠) رۆژدا بۆ بكرێت و دوای ئەو ماوەیە دەبێت گشت سزاکانی دواکەوتنی بدات.

١٦- ئەگەر ئۆتۆمبێل مەرجەکانی برگەی (٧)ی سەرەوە لەسەر جێبەجێ نەبوو ئەوا خاوەنەکەی سەر پشك دەکرێت لە گەرانەوەی ئۆتۆمبێل پاش گەرانەوەی پارەی گومرکی ئۆتۆمبێل کە داوێتی یان ناردنی بۆ وەڵاتێکی تر و برِی (١/٥) رسوماتی گومرگی لێ وەردەگیرێتەوە.

١٧- کۆمپانیاکانی پشکنینی توندوتوڵی ئۆتۆمبێل بەبرِی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆ هەر حالەتێك سزا دەدرێن ئەگەر ئۆتۆمبێلێك لە پشکنین دەربچێنێت بە پێچەوانەی برگەی (٧)ی سەرەوە.

١٨- أ. ئەم بەیانە تا ٢٠١٩/١٢/٣١ کاری پێ دەکرێت.

ب. لە ٢٠٢٠/١/١ تەنها ئۆتۆمبێلی بێ لێدراو (Clean Title) و ئۆتۆمبێلی تازە (سفر کیلۆ مەتر) بەپێی مودێلە رێگە پێدراوەکان داخل دەکرێت.

**ماددەی دووەم:**

کار بە هیچ بەیان و رێنمایی و نووسراوێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم بەیانە.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم بەیانە لەرۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە : (١٨١٥٢) لە ٢٠١٩/١٠/١٧**

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٩**
**فراوان کردنی حەرەمی گوندی(بەردەگۆز) لە سنووری پارێزگای سلێمانی**

ئاماژە بە نووسراوەکانی پارێزگای سلێمانی ژمارە(١٢٨٨ لە ٢٠١٩/١/٢٩) و (٣٥٠٠ لە٢٠١٩/٣/٢٧) و (١٢١١٧ لە ٢٠١٩/١/٢٣) ودوابەدوای نووسراوەکانمان ژمارە(٢٧٧٧ لە ٢٠١٩/٢/٧) و(٦٧٤٩لە٢٠١٩/٤/١٤) و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠١٨ و ماددەی شەشەم برگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموار کراو و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و رێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموار کراو و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

- فراوان کردنی حەرەمی گوندی (بەردەگۆز) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنوری ناحیەی بنگرد – قەزای دوکان - پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری (١٥) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٣٢ لە کەرتی ٢٧/بەردەگۆز) کە رەگەزی بەردەڵانیە وەك لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .
- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم القرار: ١٢**
**تأريخ القرار: ٢٠١٩/١٠/١٣**

**قرار**
**رقم (١٢) لسنة ٢٠١٩**

استناداً إلى أحكام الفقرة (٨) من المادة (٥٦) من قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، والإجراءات القانونية التي قام بها برلمان كوردستان في الجلسة الاعتيادية رقم (٣) بتأريخ ٢٠١٩/٩/٢٩، أصدر القرار الآتي:

**أولا:** إصدار التعديل الأول للنظام الداخلي لبرلمان كوردستان لسنة ٢٠١٨ الملحق بهذا القرار.

**ثانيا:** ينفذ هذا التعديل من تأريخ تصديقه ، وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. ريَواز فايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم تعديل النظام: ١**
**تأريخ تعديل النظام: ٢٠١٩/٩/٢٩**

استناداً إلى أحكام الفقرة (٨) من المادة (٥٦) من قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، والمادة (١٢٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، صادق برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية رقم (٣) بتأريخ ٢٠١٩/٩/٢٩ على التعديل الأول للنظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق:

## التعديل الأول
## للنظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق

**المادة (١):**

**أولا:** يعدل تعريف (مشروع القانون والقرار) في المادة (١) ويقرأ على الوجه الآتي:
مشروع القانون والقرار: مشروعات القوانين والقرارات التي توجه إلى البرلمان من قبل رئيس الإقليم، أو مشروعات القوانين التي توجه إلى البرلمان من قبل مجلس الوزراء والسلطة القضائية في مجال اختصاصاتهما، والهيئات المستقلة وأي مؤسسة لها صلاحية توجيه المشروع بموجب القوانين النافذة.

**ثانيا:** تضاف تعاريف المصطلحات الآتية إلى المادة (١) من النظام الداخلي على الوجه الآتي:
**مقترح القانون والقرار:** مقترحات القوانين والقرارات التي تقدم إلى البرلمان من قبل ما لا يقل عن (١٠) عشرة أعضاء في البرلمان.
**الأغلبية المطلقة**: النصف زائداً واحد (٥٠ ٪ + ١) من عدد أعضاء البرلمان.
**الأغلبية البسيطة**: النصف زائداً واحد (٥٠ ٪ + ١) من عدد الأعضاء الحاضرين.
**الأغلبية الخاصة**: تشمل جميع حالات الأغلبية التي حددت لها نسب خاصة.

**المادة (٢):** تعدل المادة (١٠) من النظام الداخلي وتقرأ على الوجه الآتي:

**أولا:** تتكون هيئة الرئاسة من الرئيس ونائب الرئيس وسكرتير البرلمان، على أن يكون في الأقل أحد أعضاء هيئة الرئاسة من النساء.

**ثانيا:** تبدل عبارة (النائب الثاني) الواردة في أي مادة وفقرة من هذا النظام إلى (سكرتير البرلمان).

**المادة (٣):**

تضاف كلمة (الرئاسة) إلى كلمة (الهيئة) الواردة في أي مادة وفقرة من هذا النظام.

**المادة (٤):**

تصبح الفقرة (سابعاً) من المادة (٢٤) من النظام الداخلي الفقرة (أولاً) لها وتأتي بعدها الفقرات الأخرى حسب تسلسلها.

**المادة (٥):**

**أولا:** تعدل البند (٢) من الفقرة (ثانياً) من المادة (٢٥) من النظام الداخلي على الوجه الآتي:

٢ـ على الرئيس في أقرب جلسة للبرلمان إدراج الطلب في جدول الأعمال بغية البت في الاستقالة بأصوات أغلبية الحاضرين في كل الأحوال خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ تقديمه.

**ثانيا:** تبدل كلمة (بەروار) الواردة في أي مادة وفقرة من هذا النظام بكلمة (رێکەوت).

**المادة (٦):**

تعدل المادة (٢٩) من النظام الداخلي وتشكل اللجان الدائمة على الوجه الآتي:

**أولا:** لجنة الشؤون القانونية.

**ثانيا:** لجنة المالية والشؤون الاقتصادية.

**ثالثا:** لجنة شؤون الپێشمەرگە.

**رابعا:** لجنة الداخلية والأمن والمجالس المحلية.

**خامسا:** لجنة الزراعة والري.

**سادسا:** لجنة التربية والتعليم العالي والبحث العلمي.

**سابعا:** لجنة الشؤون الصحية والبيئة وحقوق المستهلك.

**ثامنا:** لجنة شؤون الشهداء والجينوسايد والمعتقلين السياسيين.

**تاسعا:** لجنة العلاقات والجالية الكوردستانية.

**عاشرا:** لجنة المناطق الكوردستانية خارج الإقليم.

**حادي عشر:** لجنة الطاقة والثروات الطبيعية والصناعة والتجارة.

**ثاني عشر:** لجنة البلديات والنقل والاتصالات والسياحة.

**ثالث عشر:** لجنة الإعمار والاستثمار.

**رابع عشر:** لجنة الثقافة والمجتمع المدني والرياضة والشباب.

**خامس عشر:** لجنة النزاهة.

**سادس عشر:** لجنة شؤون البرلمان والشكاوى.

**سابع عشر:** لجنة الأوقاف والشؤون الدينية.

**ثامن عشر:** لجنة الشؤون الاجتماعية والدفاع عن حقوق الإنسان.

**تاسع عشر:** لجنة الدفاع عن حقوق المرأة.

**المادة (٧):**

تعدل الفقرة (ثانياً) من المادة (٤٢) ويكون تسلسل فقراتها على الوجه الآتي:

المادة (٤٢):

**أولا:** للجان الطلب من الرئيس دعوة الوزير المختص للحضور في اجتماع اللجنة وتقديم التوضيحات اللازمة بشأن الموضوع المعروض خلال مدة لا تتجاوز (٣) ثلاثة أيام من تأريخ توجيه الدعوة.

**ثانيا:** للجان توجيه الطلب إلى سكرتير البرلمان بغية مشاركة من هم أدنى درجة من الوزير في اجتماع اللجنة.

**ثالثا:** للجان عن طريق نائب رئيس البرلمان الطلب من الدوائر الرسمية ومنظمات المجتمع المدني تزويدها بالمعلومات اللازمة أو الحضور في اجتماعات اللجنة.

**رابعا:** إذا امتنعت الجهات المذكورة في الفقرات أعلاه عن تقديم المعلومات أو الحضور في الاجتماع، عندئذٍ يتم إعلام رئيس الوزراء بذلك عن طريق الرئيس وفي حالة عدم إجابة الطلب خلال مدة (٧) سبعة أيام، يعرض الموضوع على البرلمان للبت فيه.

**خامسا:** للوزير المختص، في الوقت الذي يحدد له، بناءً على طلبه وبموافقة الرئيس أو بناءً على طلب اللجنة، الحضور في اجتماعات اللجان عند مناقشة موضوع يتعلق بوزارته وله أن يصطحب معه إلى الاجتماع كوادر وزارته، وتثبت آرائهم بعد إقرار اللجنة في التقرير دون أن يكون لهم حق التصويت.

**المادة (٨):** يعدل البند (٢) من الفقرة (ثالثاً) من المادة (٤٤) من النظام الداخلي على الوجه الآتي:

٢ـ إذا لم يحضر الشخص والجهة المدعوة في الوقت المحدد دون عذر مشروع، فللجنة عن طريق هيئة الرئاسة إبلاغ السلطة التنفيذية بذلك لغرض إحضار الشخص المطلوب حضوره بموجب القوانين النافذة.

**المادة (٩):**

تعدل المادة (٧٨) من النظام الداخلي على الوجه الآتي:

المادة (٧٨): عملية التشريع عبارة عن مناقشة وتصديق:

**أولا:** مشروعات القوانين والقرارات الخاصة برئاسة الإقليم، والمقدمة في مجال اختصاصاتها.

**ثانيا:** مشروعات القوانين المقدمة من قبل مجلس الوزراء.

**ثالثا:** مشروعات القوانين المقدمة من قبل السلطة القضائية في المواضيع المتعلقة بها.

**رابعا:** مشروعات القوانين والقرارات المقدمة من قبل الهيئات المستقلة وأي مؤسسة تحق لها ذلك بموجب القوانين النافذة.

**خامسا:** مقترحات القوانين أو القرارات المقدمة من قبل ما لا يقل عن (١٠) عشرة أعضاء.

**المادة (١٠):**

تعدل المادة (٧٩) من النظام الداخلي على الوجه الآتي:

**أولا:** يجب أن تتوافر في مقترحات القوانين والقرارات الشروط الشكلية والموضوعية لمقترحات القوانين والقرارات.

**ثانيا:** خلال مدة (١٤) يوماً من تأريخ تقديمها تقرر لجنة الشؤون القانونية بالتنسيق مع هيئة الرئاسة إجراء القراءة الأولى لها بناءً على مواءمتها مع المعايير الآتية:

١- وجود موضوع عام، أو فراغ قانوني، أو وجود نقص في نصوص قانون أو قرار، يستلزم إصدار قانون أو قرار لها.

٢- إذا ترتبت عليها تبعات مالية على الحكومة، فإنها توجه إليها قبل القراءة الأولى لها، لغرض أخذ الموافقة عليها بخصوص هذه التبعات المالية التي تترتب في ذمة الحكومة نتيجة إصدار القانون.

**المادة (١١):** تضاف فقرة بتسلسل (رابعاً) إلى المادة (٩١) من النظام الداخلي على الوجه الآتي:

**رابعا:** فيما عدا المقترحات التي تعد للتصويت بموجب الفقرة (ثانياً) من هذه المادة، يحق للجنة القانونية بالتنسيق مع اللجنة المختصة إعداد اختيارات أخرى للتصويت عليها من بين مجموع الاختيارات المعروضة من قبل أعضاء البرلمان.

**المادة (١٢):** تلغى الفقرة ( ثانياً ) من المادة (١١٠) من النظام الداخلي.

**د. رێواز فـايـق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

**الأسباب الموجبة**

من أجل سير الأعمال البرلمانية بصورة أفضل وضمان توافق النظام مع القوانين النافذة ، تم تصديق هذا التعديل.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم الأمر: ٨**
**تاريخ الأمر:٢٠١٩/١٠/٨**

## أمــر
## رقم (٨) لسنة ٢٠١٩

أستناداً الى قرار برلمان كوردستان ـ العراق رقم (٤) الصادر بتـأريخ ٢٠١٩/٣/١٢وحـكم الفـقرة ( ثالثاً ، رابعاً ) من المادة (٢٨) من النظام الداخلي للبرلمان ،

- انتخب السيد ( زياد جبار محمد ) رئيساً للجنة (المالية والشؤون الاقتصادية ) .

**د. رێواز فـايـق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

**هيئة النزاهة**

**رقم: ١٨٤/٥ في ٢٠١٩/١٠/١٣**

إستناداً الى أحكام الفقرة (ثانياً - ٧) من المادة التاسعة من قانون هيئة النزاهة لإقليم كوردستان-العراق رقم (٣) لسنة ٢٠١١ المعدل، أصدر مجلس الهيئة النظام الداخلي التالي:

**النظام الداخلي لـ(أكاديمية دەسپاکی في إقليم كوردستان – العراق)**

## الفصل الاول
## التعاريف

**المادة الأولى:-**

يُقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة ازائها لأغراض هذا النظام الداخلي:

**أولا: الإقليم**: إقليم كوردستان-العراق .

**ثانيا: الهيئة**: هيئة النزاهة لإقليم كوردستان-العراق

**ثالثا: الأكاديمية**: أكاديمية دەسپاکی في إقليم كوردستان-العراق .

**رابعا: المدير**: مدير الأكاديمية.

**خامسا: المجلس**: مجلس الأكاديمية.

**سادسا: الرئيس**: رئيس مجلس الأكاديمية.

## الفصل الثاني
## التأسيس والأهداف والوسائل

**المادة الثانية :-**

يؤسس في الإقليم أكاديمية بأسم ( أكاديمية دەسپاکی في إقليم كوردستان-العراق )، وتكون مديرية ترتبط بدائرة الوقاية والشفافية في الهيئة .

**المادة الثالثة :-**

تهدف الأكاديمية الى ما يلي:

**أولا:** بناء وتطوير القدرات لمكافحة الفساد ونشر ثقافة النزاهة والمساءلة.

**ثانيا:** المساهمة في رسم إسراتيجيات لمكافحة الفساد ونشر ثقافة النزاهة والمساءلة.

**ثالثا:** التعاون والتنسيق مع المؤسسات الرسمية ومنظمات المجتمع المدني (الوطنية والدولية) لإعداد وتنفيذ ومتابعة الدورات التدريبية المنسجمة مع أهداف الهيئة.

**رابعا:** توثيق الصلات العملية والتدريبية بين الأكاديمية مع الأكاديمية العراقية لمكافحة الفساد.

**خامسا:** توفير الفرص التدريبية للموظفين كافة بما ينسجم مع وظائفهم لتحسين أداء المؤسسات الرسمية في خلق بيئة شفافة.

**سادسا:** إعداد قاعدة بيانات ألكترونية لأرشفة نشاطات الأكاديمية.

**المادة الرابعة :-**

تسعى الأكاديمية لتحقيق أهدافها بالوسائل التالية:

**أولا:** إعداد وتنفيذ برامج التدريب و تأهيل الكوادر الرقابية.

**ثانيا:** إعداد وتنفيذ برامج للتعليم المستمر.

**ثالثا:** إعداد البحوث والدراسات المتعلقة بمكافحة الفساد ونشر ثقافة النزاهة والمساءلة والشفافية.

**رابعا:** إقامة المؤتمرات العلمية الدولية و الوطنية المنسجمة مع أهداف الهيئة.

**خامسا:** إقامةالندوات و ورش العمل ذات الصلة بأهداف الهيئة.

**سادسا:** فتح الدراسات العليا (درجة الدبلوم العالي) في حقل النزاهة بالتنسيق مع وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في إقليم كوردستان-العراق.

**سابعا:** إعداد وتهيئة المدربين الكفوئين لتحقيق أهداف الهيئة.

**ثامنا:** تهيئة المناهج التدريبية ومستلزماتها.

**تاسعا:** تهيئة حملات التوعية ضد الفساد ونشر ثقافة النزاهة والمساءلة والشفافية.

**عاشرا:** تهيئة مكتبة تضم المؤلفات والأبحاث ذات الصلة بأهداف الهيئة.

## الفصل الثالث

## الهيكل التنظيمي

**المادة الخامسة :-**

**أولا:** المدير، حاصل - في الأقل- على شهادة جامعية أولية في القانون أو الإدارة وله خبرة وظيفية فعلية لا تقل عن عشر سنوات، ويمارس المهام التالية:

١- إدارة أعمال الأكاديمية وضمان تأدية واجباتها بما يضمن تحقيق أهدافها.

٢- إعداد تقارير دورية عن نشاط الأكاديمية بالتنسيق مع أعضاء المجلس.

**ثانيا:** تتكون الأكاديمية من التشكيلات التالية:

أ- القسم الإداري، ويتولى:

١- انجاز المسائل الادارية للأكاديمية.

٢- متابعة الشؤون الإدارية لموظفي الأكاديمية.

٣- مسائل الخدمات و الصيانة للأكاديمية.

٤- المسائل المتعلقة بالموجودات والمخازن التابعة للأكاديمية.

ب- قسم تكنلوجيا المعلومات، ويتولى:

١- إدارة تكنلوجيا المعلومات.

٢- صيانة الشبكات.

٣- إعداد البرامج الالكترونية التي تسهل من عمل الأكاديمية.

ج- قسم التطوير والتدريب، و يتولى :
١- إعداد تصميم البرامج التدريبية.
٢- إعداد وتنفيذ برامج التعليم المستمر.
٣- متابعة تنفيذ البرامج التدريبية بعد المصادقة عليها من المجلس.
د- قسم التقييم و الجودة النوعية، ويتولى:
١- تقييم العملية التدريبية والتعليم المستمر.
٢- التزود بالوسائل الحديثة في مجال الجودة النوعية.
ه- قسم الدراسات العليا، ويتولى:
١- إعداد خطط الدراسات العليا.
٢- توثيق البيانات الدراسية للدارسين والتأكد من صحتها.
٣-متابعة الأعمال الأدارية والتدريسية في مجال الدراسات العليا.
و- قسم العلاقات مع منظمات المجتمع المدني، ويتولى:
١- التنسيق والتعاون مع منظمات المجتمع المدني (الوطنية والدولية).
٢- إعداد البرامج التدريبية التي يمكن تنفيذها مع منظمات المجتمع المدني (الوطنية والدولية) بالتنسيق مع قسم التطوير والتدريب.
ز- قسم الدراسات والبحوث، ويتولى:
١- إعداد الدراسات والبحوث بما يسهل من تنفيذ أهداف الأكاديمية.
٢- التنسيق والتعاون مع الجامعات والمؤسسات الأكاديمية الأخرى لتشجيعها على اجراء الدراسات والبحوث المتعلقة بأهداف الهيئة.
٣- إدارة مكتبة الأكاديمية.

## الفصل الرابع
## مجلس الأكاديمية

**المادة السادسة :-**

**أولا:** للأكاديمية مجلس يتكون من المدير العام لدائرة الوقاية والشفافية رئيساً، والمدير نائباً للرئيس، و رؤوساء الأقسام في الأكاديمية وممثل عن الدائرة القانونية للهيئة وممثل عن دائرة الشؤون الإدارية والمالية اعضاءاً، وتُصدر القرارات بالأغلبية البسيطة و عند تساوى الاصوات يرجح الجانب الذي يصوت لصالحة الرئيس.

**ثانيا:** للمجلس الإستعانة بعدد من الخبراء والمختصين يختارهم الرئيس للإستئناس بآرائهم دون أن يكون لهم حق التصويت.

**ثالثا:** على المجلس أن يجتمع مرة في الشهر على الأقل بدعوة من رئيسه ويكتمل النصاب بحضور أغلبية عدد أعضائه.

**المادة السابعة :-**

يمارس المجلس الصلاحيات التالية:

**أولا:** إقتراح ميزانية الأكاديمية والموافقة على إنفاقها.

**ثانيا:** دراسة مايحيله عليه الرئيس من المواضيع وإصدار القرارات اللازمة بشأنها.

**ثالثا:** المصادقة على برامج التدريب.

**رابعا:** المصادقة على خطط الدراسات العليا واقرار النظام الدراسي ومناهجه في الأكاديمية.

**خامسا:** إقرار أجور المحاضرات.

**سادسا:** المصادقة على التقارير الدورية للأكاديمية.

**الفصل الخامس**

**الأحكام الختامية**

**المادة الثامنة :-**

تمنح الأكاديمية الشهادات التالية:

**أولا:** شهادات مشاركة.

**ثانيا:** دبلوم عالي.

**المادة التاسعة :-**

تكون للأكاديمية ميزانية خاصة لتنفيذ أهدافها، وتتم المصادقة عليها من قبل مجلس الهيئة.

**المادة العاشرة:-**

يتولى رئيس الهيئة المخاطبات بأسم الأكاديمية مع الجهات ذات العلاقة خارج الهيئة.

**المادة الحادية عشر:-**

يعد هذا النظام الداخلي نافذاً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. احمد أنور محمد**

**رئيس مجلس هيئة النزاهة**

**لإقليم كوردستان - العراق**